ژمارە ٢٦ی رۆژنامەی ڕەوت..

بۆ خوێندنەوەی ژمارە ٢٦ی رۆژنامەی ڕەوت کلیکی ئێرە بکەن...

ئارامی لە لوتکەی تووڕەبوونداو لە شیعری (لە دەستم دێی) عەبدوڵا پێشەوادا.. سەدیق سەعید ڕواندزی

لە دەستم دێ، یەکێکە لە شیعرە هەرە دیار و جوان و بە ناوبانگەکانی پێشەو، کە وەک خەشی لە پێشکی شیعرەکەدا ئاماژەی پێداوە ـ ئەو کاتە ئەو شیعرە نووسراوە، کە مرۆڤ دەبێتە پارچەیەک لە ڕق و تووڕەیی. بەمەش مەتیفێکی دڕوونی لە پشت نووسینی ئەو شیعرەوەیە. ئاماژە زمانەوانی و دڕوونیکانی شیعرەکە، کاردانەوەن لە هەنبەر کارەک کە کراوە و پێشەوی لە ناخەوە ئازارداوە و تووڕەی کردووە، کە ئەویش ناپاکی خۆشەویستەکەیەتی و پشتکردنە ئەو خۆشەویستییە بووە لەلایەن ئەویترەوە، کە چوار ساڵی خایاندووە، وەک ئەوەی لە دەی بەگەی ئاشکراو ووندا باسی دەکات. زمانی ئەو شیعرە، زمانێکی تووڕە و داخوزاییانەیە، بەڵام زمانی سەینەوە نییە. لە ئاستی وشە و وێنەدا، زمانێکە بارگاویە بە ڕق، بەڵام ئەو ڕقە، پانتایی زمان جێناهێڵێت و نابێتە هەکار، بە ئاشکراکردنی هەموو شتەک، لە پڕاوەزی ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییەی لەگەڵ کچەکەدا هەیبووە، بە پچڕانەوە بەکو لە دوا دەی شیعرەکەدا، ئارام دەبێتەوە و جارێکی دیکە خۆشەویستی ئەو، بە سەر ئەو هەموو هەستە لە ڕق و تووڕەیی زاڵدەبێت، کە لە سەرتای خوێندنەوەی شیعرەکە هەستی پێ دەکەین. بە درێژایی ئەو شیعرە، شاعیرلە حاڵەتێکی نێوان گومان و دڵنیایی، خۆشەویستی و ڕق دایە. گومان لەوەی ئەو کارە بکات کە مەبەستیەتی ئەویش ئاشکراکردنی هەموو شتەک و پەردەلادانە لە سەر ئەو پەیوەندییە نهێنییەی

خۆشەویستی نەوان خەی و ئەو، یاخود نەکردنی، دنیاشە لەوەی کە ئەو بە سەدان بەگەی ئاشکرا و ەوونی پێیە، کە جەخت لەو پێیوەندییە ەاستەقینە و دوولایەنەی نەوان هەردووکییان دەکاتەوە. کە بە داخەوە سەرەنجام لەلایەن ئەوی بەرامبەرەوە (کچەکە) کەتایی پێهێنراوە و چووەتە ئامەزی پیاوەکی دیکە. بەیە بە درێژایی شیعرەکە، پێشەو لە نەوان ئەو دوو دڵیە دایە، تا لە کەتایی شیعرەکە و لە دوا دێڕدا، خەی یەکلایی دەکاتەوە کە ناتوانێت کارەکی وا بکات و لە دەستی دە، بەڵام نایکات. زمانی ئەو شیعرە وەک ئەتمەسفیرەک بە خەرایی لە ژێر هەستی ئەو تووڕەییەی شاعیر هەیەتی، بەرز دەبێتەوە، پاشان بە خەرایش دادەبەزێت. لە دەسپێکی شیعرەکەدا، پێشەو لە ئەنجامی کردەیەک کە هەشتا نەکراوە، ئاگادارمان دەکاتەوە، سەرەتا، ئەمە نازانین پێشەو بۆچی و لە بەرچی دەیەوێت کەسێک لە خۆشاوی شاوی پەردە بە بەش بکات و ئەڤەی پەنجەی پێ فێ بدات؟ پێشەو دەڵێت:_

لە دەستم دە کاتژمێری کامەرانیت بووەستێنم
ئەڤەی پەنجەت پێ فێ بدەم
نامەی بەختت بسووتێنم
کام شەوت گەش و ەوونا کەم
ئەو شەوە پف لە چرا کەم

لەدەستم دە، کە فرمانی ەانەبەدووی ەانەگەیەندراوە، ئاماژەیە بە کردنی کارێک کە هەشتا ەوەیندراوە، بەڵام بە دنیاییەوە دەتوانێت بیکات، پێشەو تا کەتایی شیعرەکەی، ئەمە لەبەردەم ئەو دووبیە دەهێنێتەوە، کە کارەکە دەکات یان نا؟ تا لە کەتایدا خەی یەکلاییدەکانەوە، کە ئەوە ناکات و بە پێچەوانەوە خۆشەویستی پەنگخواردووی ئەو، ەێگە بەوە نادات ئەو کەسەی تا دونە خۆشەویستی بووە، ئەمە لە ئامەزی یەکەکی دیکەدا شەوە ئەرخەوانییەکانی بە ەە دەکات، لە خۆشاوی پەردەی ژیان بە بەشی بکات. ئەمەش جەختکردنەوەیە لەوەی شاعیر وەرای تووڕەبوونەکی زەر لەو، بەڵام لە لوتکەی تووڕەبووندا، ئارام دەبێت و دان بە خەی دادگرێت و وەڵامی هەڵەو ناپاکییەکەی خۆشەویستەکەی ناداتەوە. شاعیر دوای ئەوەی ئەو بەیان دەکات کە دەتوانێت مرۆڤێک و ژنێک بە ئەبەد لە چارەنووسی بوون و ژیان بە بەش بکات و ژیانی بکاتە تاەوێک، ئەمجارەیان بە ئەوەی هەکارەکانی ئەو (لە دەستم) دێیە، بە هەموان بخاتە ەوو، دەتە سەر بەگەی بەیەکەوە بوونی خەی و ئەو، لەرەوەش پێشەو جارێک لە ەەوایەتی بەو کردەیە دەدات کە چەن ئەم پشتیکردەتە پەیوەندییەکی سەزداری چوار ساەە و پێشەوی جەهشتووە. هەروەک دەڵێت:_

بەگەم پێیە

هەزار بەڵگەی ئاشکراو ووون
بەڵگەی چوار ساڵ بە یەکەوە بوون
پشتگوێ هەر لە درێژەی شیعرەکەیدا، دوای ئەوەی باس لە بەڵگەی بەیەکەوە بوون دەکات، ئەمجارەیان دنیایانتر ئەو بەڵگانە دەخاتە ووو. یەک بەیەک باسی بەڵگەکان و ئەو ماوە زەمەنیەش دەکات، کە ئەو بەڵگانەی تیادا ئالوگۆکراون، وەک دنیایەک لەوەی کە دەتوانێت ئەوەی مەبەستیەتی بیکات، یاخود بەڵگەکان خۆیان دەنگ و لە ئاست ئەو ناپاکییە قسە دەکەن. بەڵگەکانی پشتگوێ هەندە ووون و ئاشکران، کە تەنانەت پیوەندیان بە جۆستەی ئەویترەوە هەیە، واتا لەوە دەرچووە پیوەندییەکی زمانی و ووکشی، کە تەنها لە گەینەوەی ئاز و نیاز لە ڕەی زمانەوە دەبەسترێت، بەرجەستە بێت ، بەڵکو سنوورە سوورەکانی بەزاندووەوە جۆستەی ئەوەی، وەک نیشتمانی ئازادی خۆی بینیوە و جارێک لە خاوەنداریەتی هەبووە، کە ئەمش ئۆپۆزەی دوا سنووری هەبوونی پیوەندیی نێوان دوو ڕەگەزە، چونکە مەحاڵە بە بێ خواستی ئەو، شاعیر بتوانێت پەنجە بە سنگی برسی و تێنووی خشتەویستی ئەوەوە بنێت. بۆیە ئەمجارەیان دەڵێت:_

تاڵەکی پرچت نەماوە تۆر تۆر بەنم نەکردبێ
جێی دەرزیەک
لە سنگی برسیت نەماوە
پەنجەم پێی پێ نەبردبێ
گەواهی دەدەن لەسەرت دارتەڵەکانی شەقام
گەواهی دەدەن ئەوانەی نامەی تۆیان بە دەهەنام
نامەکان لەڕەدا، ڕەی گەواهیدەرێک بە سەر تاوانکارەوە دەبینن. دیاریەکان ونامەکان، ئامادەن گەواهی ئەوە بدەن کە شاعیر پیوەندی لەگەڵ ئەو هەبووە و ئەو پیوەندییەش، تا سنووری هاموسان و گاڵتە و گەمەی عەشق و سەزداری ڕەیشتووە. پشتگوێ هەریەک لە نامەکان و دیاریەکان، دەکاتە گەواهیدەر، وەک ئەوەی لە گەواهیداندا، دەبێ دوو کەس ئامادەیان هەبێ و پشتڕاستی بکەنەوە، کە ئەم، ئەمکارەی کردووە و دواتریش شایەنی سزادانە. بۆیشە نامەکان و دیاریەکان، وەک بەڵگەی ئەو پیوەندییەی نێوان خۆی و ئەو دەخاتە ووو، بەڵام لەڕەدا هەر تەنها ئەوانە بەس نین، بەڵکو دارتەڵەکانی سەر شەقام و ئەوانەی نامەی ئەویشیان بە هەناوە، گەواهی دەدەن و بەگومان چەند گەواهیدەریش زەرتر بن، ئەوا هیچ گومان کردنێک لە کردەکە نامێنێتەوە، تەنانەت پشتگوێ بەوانشەوە ناوەستێت، بەڵکو پەردە لە سەر ئەو پیوەنییەی نێوان خۆی و ئەو، بە بە ڕتووشی هەڵدەماڵێت و باسی قژ و سنگ دەکات، کە دوا سنووری

ئەو پەیوەندییە نیشان دەات و بەمش نەک هەر بەگەیەکی دیکە پەویست نییە، بەکو ئەوی بەرانبەریشی کە خۆشەویستەکەیەتی، دەخاتە بەردەم پرسیار و شەرمەزاری ئەوەی کە چۆن وازی لەو پەیوەندییە هێناوە و شەوی سووری کەسێکی دیکەی ئازاندۆتەوە؟ پۆشەو لەمەدا، تووند و ڕقاوی بەرانبەر ژن نادەوێت وەک ئەوەی کەسانێک لەو شیعرەدا تێگەیشتوون و وێنای دەکەن، بە پێچەوانەوە، بەکو ڕەخنە و سەرزەنشتی ئەویان دەکات، کە چۆن دەبێت بە ئاسانی پشت بکەنە عەشق و خۆشەویستی و لەبەر هەر جیاوازیی و تایبەتمەندییەک بێت، واز لە خۆشەویستەکەیان بێنن؟ پۆشەو هەر لە سەرەتای ئەو شیعرەوە وەک وتمان لە ڕوانگەی دووەمیەکی گۆڕدایە و دەیەوێت بە جۆرە هەستێکی تازە سەنزەوە، تازە لە ئەو بکاتەوە، بگرە لە سەرەتای شیعرەکەدا، چاوەڕوانی ئەمە ئەویە، کە شاعیر بوون و مەژووی ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییە بسەلمێنێتەوە و نەفرەتی لە بکات و ئەمیش وەک ئەو بە وەفا و بەباک بێت، بەڵام بە پێچەوانەی هەموو ئەو چاوەڕوانییانەوە، لە دوا دێڕی شیعرەکەدا، پۆشەو نەک هەر دەستبەرداری ئەو نابێت و ڕقی لە نابێتەوە، بگرە هەشتا خۆشەویستی بە ئەو ماوەو ئەو خۆشەویستییەش هێگەی ئەوەی لە دڵگرتن، هەر جۆرە کردەوە و هەڵوێستێکی ڕقاویانە بەرانبەر بە ئەوی کەنە خۆشەویستی بنوێنێت.
بەیە لە کۆتایدا خۆی یەکلایی دەکاتەوە دەڵێت:_
بەڵام چیبکەم؟ خۆشەویستیت نەهەنگەکە
خوێنی هەڵچووم دەخواتەوە
خۆشەویستیت ڕووبارەکە
قینی ڕەشم دەشواتەوە
تووڕەیی پۆشەو، کە لە سەرەتاوە بە ئەتمەسفیرێکی بەرز دەست پێ دەکات، دواجار وەک لافاوێک، بە ئەوەی هیچ شتێک لەگەڵ خۆی ڕابماڵێت، دەنیشتەوە. پۆشەو نەک هەر ناتوانێت، ئەمانە بەرانبەر بەو بکات، بەکو دواجار خۆشەویستی ئەو، بەسەر هەموو ئەو نیگەرانی و تووڕەیی و خەمە زاڵ دەبێت و لە بەر وەفا بە ئەو خۆشەویستییە ئەو ناکات کە لەدەستیشی دێت. بەڵام پرسیار لەردا ئەویە، پۆشەو بەچی لە نەوان کردن و نەکردنی ئەو کارانە و دەرخستنی بەگەکان، سەرەنجام هیچ شتێک ناکات؟ مەبەستی چییە، لەو هەموو باسانە و دواتریش، جارێکی دیکە خۆشەویستی بە سنووری خۆی بە ئەو دەردەبڕێتەوە؟ بە بەوای من پۆشەو مەبەستی ئەوە بووە، کە هیچ گومانێک لە ڕاستی هەبوونی ئەو پەیوەندییەی نەوان خۆی و ئەو نەهێڵێتەوە، بەکو هەمووان ئەو ڕاستییە بزانن ئەو خۆشەویستییە، بوونی هەبووە و ئەو ناپاکییەش کراوە، کە تیایدا خۆشەویستەکەی جێهێشتوە و لە ژێر ڕووناکی چرای سووری ئامێزی گەرمی پیاوێکی

دیکەدا، شەوانی سووری بە ڕەدکات. بەدرێژایی ئەم شیعرە، پێشەو نیگەران و تووڕەیە، بەڵام ئاگەر تووڕەبوون ببێتە فاکتی کردنی کارەکی هەڵە و کاردانەوەی تووند دروست بکات، وەک ئەو یاسا فیزیکییەی کە دەڵێت هێزی کاردانەوەی کارەک، لە هێزی کارەکە بە گوێترە، ئەوا پێشەو ئەوە ناکات، بەڵکو لە لوتکەی تووڕەبووندا، وەرای جێختکردنەوە لە سەدان بۆگەن، کە ئاماژەن بە هەبوونی ئەو پەیوەندییە، ئارامی دەنوێنێت و دان بە خۆ دادەگرێت. گەر بە قووڵی بچینە ناوەڕۆکی ئەو شیعرە، هەست بەوە دەکەین کە ئەمە بە ئاوەڵی ئەو کەسە بناسین و بینیبێتمان، ڕەقمان لەی دەبێتەوە. من هەر کاتێک ئەو شیعرە لە بەرخەم دەدەمەوە، لە شاعیر زیاتر، هەستی ڕق و تەقەندنەوە دامەدگرێت بەرانبەر بە وانەی کە پشت دەکەنە خێشەویستەکانییان. هەرچییەک و هەر چۆنێک بێت، ئەم شیعرە، یەکێکە لە شیعرە جوانەکانی پێشەو، شیعرێک نییە لە شکڵی ژن بدات وەک ئاوەڵی باس دەکرێت، بەڵکو ڕەخنەی دەکات، سەر زەنشتی دەکات، بە ئاوەڵی هیچ کاتێک عەشق و خێشەویستی نەوان خەیان و خێشەویستەکانییان، بە هەر شتێک بێت نەگۆڕنەوە، بەڵکو بە وەفا و سەزدار، خاوەن بڕوا و پەیمانی خەیان بن. دواجار دەڵێم زمانی پێشەو لەم شیعرەدا، زمانی نەر سالاریی و زمانی شکانەوەی ژن نییە، وەک ئاوەڵی کەسانێک تەنی گەیشتوون، بەڵکو زمانی ڕەتکردنەوە و ڕەخنەگرتنە، بە ئاراستەیکی تۆندو تووڕە، ئاویش لە دەرئەنجامی هەبوونی کردەیەک کە بەڵای هەموومانەوە نێک هەر ئاسایی نییە، بەڵکو مایەی خەم و نیگەرانییەکی قووڵیشە. بەوناکەم کەسمان هەبێت، بەو تاقیکردنەوە تراژیدیە ڕەت نەبووبێت و نەبێتە هاودەمی خەمکی بە کۆتایی، کە تا مردن وەک سەبەر، پەمانەوە نووساوە.

*سەرنج/ ئەم وتارە، بەشکە لە پەڕەی نووسینێک لە بارەی شیعرەکانی عەبدوڵا پێشەو، کە خوا یارمەتی لە ئایندەیەکی نزیکدا وەک کتێب چاپ و بڵاو دەکرێتەوە.

*ئەم بابەتە لە (هزرو هونەری) ڕۆژنامەی خەبات ، ژمارە (146) ی ڕۆژی 26 /10/ 2023 بڵاوکراوەتەوە.

خاڵ هاوبەشەکانی لیر پاشا و کامەران ڕەئووف.. حەیدەر عەبدولڕەحمان

لەپەراوێزی وێنەیەکی دراماتیرگی نمایشی (لیر پاشادا) کە ئێستاکە لەفیستیڤاڵی نێو دەوڵەتیی شانۆ لەبەغدا نمایش دەکرێت، کامەران ڕەئووف تەماناکی خۆی بە بەرجەستەکردنی دیمەنێک لە نمایشەکەدا نیشان داوە، لە پەراوێزی هەمان ئەو وێنەیەدا منیش بەو بیانیە ئەو خوێندنەوەیەم بۆی کرد:
لەهەندێ حاڵەتی نواندندا ئەکتەر بەناچاری دەگەڵتەوە سەر ڕەگەزی بنەڕەتی خۆی کە مرۆڤە...
مرۆڤیش لەهەموو حاڵەتێکدا دەکەوێتە ژێر چەند فشارێکی دەروونی جۆراوجۆر، ئەگەرچی ستانسلافسکی نایەوێ ئەکتەر دووچاری نامۆ بوون (تغریب) بێت و بەپێچەوانەوە لەچرکەکانی نواندندا، زێتر بیر لە پەرفۆرمانس بکاتەوە.
کامەران ڕەئووف لەو نمایشەدا بەڕاستەقینە لیر پاشایە، تا ئەو کاتەی لەسەر شانۆیە، لەهەمان حاڵەتی دەروونی لیر پاشا دەژیت، هەمان کاریگەرییەکانی لیر پاشای بەسەرەوەیە، وەک کاراکتەرێک کە لەتاو ئازارەکانی، بەتایبەت ئەو ئازارانەی بەدەست هەرە نزیکەکانی دەیچێژێ، خەریکە لەشێت بوون نزیکی دەکاتەوە.
ڕەنگە هەندێ جاریش ئەگەر خۆی هەوڵی ئەوە نەدات ، خۆی هوشیار کاتەوە خۆی ڕاچەکێنێ، ئەوەی لەبیرچێتەوە ئەو کامەرانەو لیر پاشا نیە،
هونەری گەورەی ئەکتەر لەوە دایە، لەو چرکە سەزداریانەی نواندندا، لەژێر کاریگەریەکانی کاراکتەر پارێزگاری لەپەرفۆرمانسی خۆی بکات و توانای ئەوەی هەبێت، بەدوای جوانترینیاندا بگەڕێ.
ئەو دەسەاتەی هەبێت لە نێوان هەردوو ڕەگەزی کاراکتەرو ئەکتەردا هاوسەنگیەک دروست بکات، کە تێیدا هەم حاڵەتە دەروونیەکانی خۆی تێر کات، هەمیش هەست و چاوی بینەر پێکات لەجوانی.
گرنگ لەنێوان هەردوکیاندا ئەوەیە ئاخۆ تا چەند بەو دەسەاتە جەستەیی و فیزیکیانەی هەیەتی، بینەر بوروژێنێ، بەتایبەت بەنواندن، پەرفۆرمانس، دەنگ و ئیلقاو ئیتم.
گرنگ پاراستنی هاوسەنگی ئەو توخمانە، دەبنە سەرچاوەی بەهێز بە وروژاندنی بینەرو بوون بەپارچەیەکی زیندوو لەجەستەی نمایشدا.

هونەری گەورەی بەزیندوو ڕاگرتنی ئەکتەر و نەمردنی ئەکتەر لەسەرشانە، لەسەر پاراستنی جەستەو پەروەردە کردنی جەستە وەستاوە، کە هەندە جار دەکەوێتە ژێر فشاری تەمەن و کاریگەرییەکانی،.
بەڵام کاتێ کاراکتەرێک لەگەڵ تەمەنی ئەکتەر یەکتر لەباوەش دەگرن، وەک نزیک بوونەوەی لیر پاشاو کامەران ، ئەو کاتە بە شێوەیەکی سروشتی فاکتەرەکانی سەرکەوتنی نمایشیش لەکتر نزیک دەبنەوە.
زۆر جاران ئەکتەر ئاواتی ئەوە دەخوازێ، لەو تەمەنەدا کاراکتەرێک بدەزێتەوە، لە تەمەنی خۆی نزیک بێت،
چونکە دیارە ، لەنواندنیشدا هەر تەمەنێک، بۆن و بەرامی تایبەتی خۆی پەیدا دەکا،
من دڵنیام بژاردە کردنی کاراکتەری لیر پاشا لای کامەران ڕەئووف بەدڵکەوت نەبووە، بەڵکو کەمتر فاکتەری هاوبەش هەبوونە لە نێوان ئەکتەرو کاراکتەر بە ئەو بژاردەیە، لەوانە:
زەمەنی ئەکتەرو کاراکتەر زەمەنێکی لەکچوون، لەووی مەعدەنی ئەمڕۆی کەمەگاو چاوەوانیە لەژیکییەکانی خیانەتکاری و بە نمەکی مرۆف.
دووفاقی و دوو ڕوویی، خۆگەل کردن لە ڕاستی و ژێرپێ خستنی بیروباوەڕ لە پێناو خود و پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتیکان.
دەبە ئەوانەی بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێن ، باجی ساولکەیی و نەفامی خەیان بدەن.
بەیە بژاردەی دووەمی لیر پاشا لە ڕووی زەمەن و دەرهاوێشتەکانی، هەمان زەمەنی نیو سەدەی بەر لە ئێستایە، کە شکسپیر بە نیشاندانی کەمەگایەکی فاسیدی وەک ئێستا دەری بیووە.
کەواتە کامەران لەو بژاردەیە چەند ئامانجێکی گرنگی پێکاوە، کە بەهەر هەموویان دەبنە بنەما بە زامن بوونی سەرکەوتن.
دوو: بژاردە کردنی فەرم و گەڕانەوە بە شانۆی مۆژوویی بەو فەرمە تایبەتیەی کامەران پێشکەشی کرد، پێکردنەوەی بەشایەکی گەورەیە لە ون بوونی فەرمی کلاسیکی..کە بەشی زۆری دەرهێنەرانی ئەمە خۆی لە دوورە پەرێز ڕادەگرن.. چونکە بەوە هەڕەخەتاون، کە داهێنان تەنیا لەفەرمی مەدێرن دایە وبینەر قەبووڵی فەرمی کلاسیک ناکات، کەچی ڕاستیەکەی لەوە دایە ، دەستاتی دەرهێنەر چەندە بە تەوانین و داهێنان، ئیتر جۆری فەرم گرنگ نیە ، بەقەد توانستی داهێنان..
زۆر جاران فەرم خۆی بەیار لەسەر خۆی دەدات، ئایا بڕچ شێوازو ستایلێک خۆی پێشکەش بکات، هەر دەرهێنەرێک فەرمێک بە شایستە دەزانێت بە نمایش و هیچ فەرمێک ناهێنیە، بەڵام لای کامەران ئەم فەرمە کلاسیکیە لەوشاوەترین فەرم بووە،
هەنگە لای سەلاح قەسەب فەرمێکی ترو لای عەقیل مەهدی یەکێکی تر.

لەهەموو حاڵەتێکدا دەرهێنەر چ فۆرمێک بە گونجاو دەزانێ، ئازادە ڕۆژێک لە سەرکۆتن بە دەست دێنێ، بینەر ڕۆژکەی دیاری دەکات.

نابێت هەرشکانی دەوڵەتی تورکیا قبوڵ بکرێن!.. عوسمانی حاجی مارف

دەستپێکردنەوەی هێرشەیی هەرشکانی ئێستای تورکیا بە سەر هەرێمی کوردستانی عێراق، بەیانوی لێدانی پارتی کرێکارانی کوردستان، کە فەرمانگەی جەنگی و هەلیکۆپتەر و فڕۆکەی بەفڕۆکەوان و هێزی پیادەی بەکارهێناوە و زیانێکی گیانی زۆری لێکەوتۆتەوە، دەخێکی تەواو نائاسایشی لە ناوچەکەدا خولقاندوە، دەبێت دەست بەجێ مەحکوم بکرێت بۆری پێبگیرێت.
بەرنامەی ئەوەی جەگا سەرنجێ دەبینین لەهەمانکاتدا مەسرور بارزانی بە سەرکایەتی شاندێک بۆر لە دەستپێکردنی ئەم هێرشە، لە ئانکەرە بوە و لەگەڵ ئەردوغان و هاکان فیدان کەبۆتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ لێدوانێکی ڕەشن دەربارەی ئەو کەبونەوەیە ڕاگەیەنن. دواتریش وەک دیمان کارساتکانی ئەو هێرشە بارزانیەکانی نەجوەاند. هەروەها لەم بارەیەوە ئەوەی شایانی باسەو جەگای سەرنجی جدیە سەرکی تورکیا سەبارەت بە هەرشکانی بە سەر هەرێم، سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردوە، سوپاسێک بەمانای سەلماندنی دەسزی بارزانی بە حکومەتی تورکیا، کە ئامادەیە تەواوی خەڵکی کوردستان بکاتە قوربانی بەرژەوەندی و سیاسەتکانی حکومەتی تورکیا.
تورکیاش بەردەوامی هەرشکانی دەستپێبکات، بەردومانکانی بەسەر چیای مەتینا بەردەوام بوون. لەولاشەوە بەبەدەنگی کەبوونەوەکانیشیان بەسادەیی تێپەراندووە.
ئامانجی تورکیا لەم هەرشە درندانەیدا دەستبەسەرداگرتنی پێگەیەکی ستراتیژییە لەناو هەرێمی کوردستاندا. لەهەمانکاتدا ئاگاری ئەوەش زۆرە کە تورکیا بە تێکدانی زیاتری دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان و قوکردنەوەی زیاتری قەیرانەکان، ئەم هەرشانە دەکات، تا دەستاتی سیاسی لە هەرێمدا زیاتر بخاتە ژێر هەژمونی

ئایندەی بەرژەوەندیەکانی خۆی لە ناوچەکەدا، جا حکومەتی هەرێم هەبێت یان دەمێنێتەوە، حکومەتی تورکیا لە هەر حاڵەتێکدا بێت، دەبێت بەرژەوەندیەکانی خۆی لە ناوچەکەدا بپارێزێت. یان بەمشێوەیە لە هەوڵی ئاسانکاری زیاتر بۆ دەخاڵەتی زیاتر لە ناوچەکەدا، تا دەستکەوتەکانی لەو ئالوگۆڕانەی پێشبینی دەکرێن، دابین بکات، هەروەها بارزانیەکانیش خۆیان ڕادەستی واقعیەتی هەلومەرجێکی وەها کردووە، کە نازانن لەم کێشمەکێشەدا ئایندەیان چی بەسەردێت. ئەمش جارێکە لە هەرسهێنان، کە خۆیان خزاندۆتە ناو جۆلانەی گەمەی سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیاوە، کە لەئێستاوە قوربانیەکانی دەبینرێت.

لەپێش ئەم هەرشەشدا، تورکیا دەستی گرتووە بەسەر زۆر شوێن و لەچەند ناوچەیەکیشدا بنکەی سەربازیی خۆی داناوە. لەسەر بنەمای خودی ڕاگەیەندراوەکانی تورکیا، زیاتر لە ٣٥ بنکەی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دامەزراندوە. ئەمە ئامادەکارییەکی سادە نیە، بەڵکو چاوەڕوانی و دەخاڵەتێکە بە خۆ گونجاندن و بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی زیاتر لە هەر ئاوگارێک کە بەسەر ناوچەکەدا بەرجەستە دەبێتەوە.

لەبارەی ئەو هەرشە ئاسمانیانە بۆ سەر ناوچەکانی هەرێم، هەیە ئەوەی ئێستا تورکیا ئەنجامی دەدات لە بەردومان و کوشتن و کاولکاری و ئاوارەیی تەنها بۆ لەدانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەکبدرێتەوە. ئامانجە سیاسیەکانی تورکیا لە ناوچەکەدا زۆر لە لیدانی پەکەکە فراوانترو هەستیارترە. هەر لەپەناو بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی و پاراستنی پگەیەکی بەرز لە ناوچەکەدا، پرسی کوردیان کردۆتە پرسێکی ئاڵۆز و دەکاوی، بەناوی لیدان لە پەکەکەش بۆ هەمولایەکدا پەلدەهاوێژن. بەیانووی بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانی پەکەکە، هەزاران کیلەمەتر چوارگۆشەی خاکی ناوچەکەیان داگیرکردووەو بۆ ئارەزوی خۆیان مانەری سەربازی دەکەن و پگەو توانایەکانی تورکیا نمایش دەکەن و بەدوای سەرکەوتن و ئەو دەستکەوتانەن کە ڕەوای سیاسی لە ناوچەکەدا پێیان دەسپێرێت..

لە کوردستانی سوریا، دەوڵەتی تورکیا عەفرین و سەرکانیە و گرێ سپی داگیردەکات. ئێستا ژێرخانی ئەو ناوچانە بەردومان دەکات کە لایەن هێزەکانی سوریای دیموکراتەوە کنترۆکراون. ئامانج لەی چۆڵکردنی ئەو ناوچانەیە لە هێزە کوردیەکان، لە پشتی ئەمشەوە ئامانجی ئەوەیە گۆڕانکی دیمۆگرافیای ێیشەیی بهێنێتە ئاراوە بە زیانی هێزە کوردیەکان.

هەبەتە حکومەتی تورکیا پێویستی بە بیانوو نیەبووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزو گروپە سیاسیە کوردیەکان و سەرکوتکردنی

خەڵکی کوردستان. هەمیشە لە نێو باقی وڵاتانی تردا پلەی یەکەمی هێناوە کە لە شەڕکردن و داوەدونانی هێزە کوردیەکان، بگرە سەرکوتکردن و چەوساندنەوەی خەڵکی کورد زمان و پشلکردنی مافەکانیان لە ناوخۆی تورکیا و لە دەرەوێدا، لەمڕۆی رۆژی ناسیۆنالستی تورکدا زەرترین زیانیان بە کوردەکان گەیاندوەو دڵگەیەنن، بەبێ گومانێ ئەوەی چەکدار بێت یان مەدەنی.
ئەم بڕیارەی تورکیا لە ناوچەکەداو بە تایبەتی کە لە کوردستاندا پیادەی دەکات، شێوازی هەمان بڕیارەتە کە ئیسرائیل بڕامبەر خەڵکی فەلەستین ئەنجامی ئەدات. کارەکە مەحکومە و پێویستە بەرەی ئینسانداست و ئازادیخواز بەدەنگ نەبن و بەری پێبگرن. لەهەمانکاتدا ئەو هیزانەش بەرژەوەندی سیاسی هیزەکیان لەم درندەبونی دەوڵەتی تورکیا دەبینێنەوەو پشتیوانی دەکەن، پێویستە ریسوا بکرێن و لەسەر شانۆی سیاسی بکرێنە دەرەوە.

ستار ئەحمەد مانفەستی مەرگی خۆی رادەگەیەنێت!.. لە تیەف بەوار

دەەم چەن باران
ئەمسای تەران و
تووەیە لەخاك
فرمسكك بە دارك ناژنێ
رووەمەتی منااك گرینك ناشواتەوە
بەو شەوەیە دەەم
لەخەم دەرباز دەبم
لەتەدا دەبمە ئای گشتگیری
باوەش بەخاکا دەکەم

ستار ئەحمەد بەس شاعیری ئەەێ نییە، بەکو ئەو لە زەمانێ جوانکانی پێش راپەرینەوە دەست لەملانی شیعرە، هەر کونج و کەلەبەرەك شك ببات دەیگرێت و خەاتکی خۆی بە دەنگەوە و

دەیانەوێت بە وشەی سازگارو وێنەی شیعریی جوان، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەنووسێت، ئەو شیعرانە تەعبیر لە دیدگاو ئەندێشەی ئەم مرۆڤە دەکەن کە لە هەناوی باوەگوگوڵەوە لە مژە خەمکانی کێپیان سەندووە.
هەیە دەڵێت زەربەی شیعرەکانی ئەم شاعیرە لە خولگەی ڕەمانسیێتدا دەخولێتەوەو وشەکانی سادەو ڕوونن، بەڵام لایەکی تردە هەموو دەقێك هەڵگری چەندان سیماو دەلالەتن و هیچ دەقێك بە لەدوان بەسەرماندا تێناپەڕێت، مەگەر چاق و خاڵی لە وردبوونەوە لە خەگرن، هەرواش لەم شیعرەدا گەر بە چاوەکی سادەو بیخوێنینەوە دەبنین شاعیر باسی جۆووان و ژاڵەی بەر ماڵ و دیدار دەکات.. لای خوێنەرەکی سادە وا دەردەکەوێت ئەمە شیعری غەزەڵە، بەس گەر زیاتر بیخوێنینەوە بەمان دەردەکەوێت کە ئەم شیعرە باسی نیشتیمان و لادانی شەڕشگێڕانەو خەمە وجودییەکانی کەسانی هەشیارو هەست ناسکی وەك شاعیر دەکەن، بەڵام ئافەرین شاعری بەئەزموون هەرگیز ماناکەت ڕاستەوخۆ نادرکێنیت،ئەمەش کە شیعر لە قسەی ڕۆژانە جیا دەکاتەوە، ئەوەتا لەڕەدا شاعیر مانیفێستی مەرگی خۆی ڕادەگەیەنێت- بەس وەك شاعیرانی ترا! بە نموونە ئەو ناڵە بە گوللەیەك کۆتایی بە ژیانی خەم دەنم، وەك لە کێپلەکەی سەرەوەدا دیارە، بەڵکو دەڵێت (باوەش بە خاکا دەکەم). ئەمەش بەرەنجامەکی مەعنەویە بە ئەو هەموو نسکەو کەیانەی دووچاری خۆی و نەتەوەو نیشتیمانەکەی بووەتەوە، بەدەستی دەرەکی و ناوخۆ، تا دەیگەیەنێنە ترێپکی بە هیوابوون و مەرگی ماددی و مەعنەوی، ئەوەتا ئەو ژیان بە شەڕگە ناسدەکات و دەڵێت:

لەکام شەڕگەدا
پریاسکەی تاسە بکەمەوە
تازە ڕابوورد
ئەو کاتانەی بەدوو دەست
لوتکەمان دەگووشی و
خاکمان ماچ دەکرد
ئەو دەمانە
زەمەنی عەشق بوون

زەمەنی عەشق لەگەڵ پاکی و دەسزی و خۆبات و نیشتیمانپەروەریدا، بەڵام ئەفسوس هەموویان تاڵان کردو گەورەترین زیان لەی کەوتەوە سینەوەی هەستی ئینتیماو سەربەخێیی و کوردایەتی بوو، لەڕەوە دەرکەوت تەنیا جیاوازی شەکەرکان ئەوێە ئەوان پەستانیان لێپەدابوو، ئەمان کەاش، بەڵام بەرەنجامەکە هەر یەکە ئەویش :

(ستەم).
جا ستەم ھەشك بیکات یان سپیەك، کوردەك یان نا کوردەک ھەر وەك یەکە، چونکە ستار شاعیرو نیشتیمانی مرۆڤایەتییە بە ھەموو پاکی و راستگۆیی و مەسەلە رەواکانیان، چونکە ئەو دەزانێت ھەستکردن بە ئازار چۆنە کە خەی چەشتوویەتی، ئیتر تەواوبوو شیعرو ھەستی تەقدیسکردنی بتەکانی کورداپەتی کە زیاتر لە داگیرکاران زیانیان بە بوون و مەسەلەی نەتەوەکەیان گەیاند.
تەنانەت ئەوی ھەست پەپوولە ھەر بە وشەی نەرمونیان پەشوازی لە نەھامەتییەکان و مەرگ دەکات وەك چۆن سەرەتای شیعرەکەی پە دەکاتەوە: (بەدەم خەندەی گوڵەوە- شنەی با دەخەمەوە)..ھەر لە باوەشی ئەوانیشدا جاوانی لەکدەنێت.
لەم دەستەواژەیەوە بەمان رووەو دەبەتەوە کە کەسی زیندووو شنەی با ناخواتەوە مەگەر بە دەرچووەن نەبەت لە سیستەمی زیندەگی ماتریال و رواڵەت نەبەت و فەینی گیان نەبەت لە مردنەکی سەرمەدیانەدا، وەای ئەمو ئاماژەکەی تری لەیەکەم کەپلەدا باسمان لەوەکرد، بە ئەو خوێنەرانەی کە ورد نابنەوەو زەر رەناچن بە قوڵایی وشەکاندا ئاماژەیەکی پەداوون کە ئەو لەم شیعرەدا لە بازنەی مەرگ دەخولێتەوەو عەشقەکەشی گشتگیرەو بە لەوی ئاڵ و کەزی و پرچی خەزاڵ نیە، ئەوەتا دەڵێت:

ھەر کەرتەکم لە تەدا
خەی دەکاتە ھاوەی مردن
بەرەو کۆ تەرمم ھەدەگرن
لەپاڵ کام داردا دەمشێنەوە
چۆن تەلقینم دەخوێنن
من خەم دارەمەیتەکم

رەنگە خوێنەرەك بڵێت کە دەڵێت شاعیر ئەم مەبەستانەی لە پشت دەقەکەیەوە بە ئامانج گرتووە؟
وەڵامی ئەم پرسیارەش زەر ئاسانە تەنیا بەوەی: زمان سیستەمی دەلالەتەکانە، بەس کە بڵێین ھەموو دەقەك شایستەی لەسەر وەستانەو ھەڵگری چەند پەیام و لەکدانەوەو ئاماژەیەکە، بەڵام مەخابن وەك چۆن پاشاگەردانی ژینگەی سیاسی لە واقیعی ئەستای باشووری کوردستان وەکو خەر ئاشکرایەو جەی ئاماژە پەدان نیە، ھەر بەم جەرەش ھەموو مەیدانەکانی تری ژیان بەشەك لەم بەگەن بوون و کرمە بوونەی پەوە دیارەو تیایدا رەنگی داوەتەوە، ئەوەتا ھەر دەزگایەکی ئەدەبی چەند مشەخەرەکی لە خەی کەکردووەتەوەو جگە لە خەیان و تاقمەکیان کەسی

تر نابینن و ناخوننەوە، کە هەرگیز نادەبوو ئەم لە مەیدانی رەشنبیریدا بوونی هەبووایە، چونکە ئەم تاریکییەو بیری رەشن رەفزی دەکاتەوەو بگرە لە دژی دەکەشت. من جگە لەوەی هەست بە چێژ دەکەم لە خوندنەوەی پێچ وپەنای ئەم شیعرەی شاعیر ستار ئەحمەد دا، لە هەمان کاتیشدا سەرنجم بە ئەو لەکەینەوە رەخنەیان دەچێت کە جاروبار لەرەو لەوە بەاودەبنەوەو کە دەچمە بنج و بنەوانیان بەم دەردەکەوێت هەردووك لە (دەق نووس) و (رەخنەگر) جەرەك پێتی پێوەندی لە نەوانیاندا هەیە، هەر وایەو ئەمەش راستە بە قیستیقاێ ئەدەبیەکان و بەاوکراوە ئەدەبییەکان، کە لە راستیدا بابەتەکی شەرمهەن و قەزەونە.
ئەم شیعرە هەرچەندە لە رووکەشدا پێ لە هەستی گەرموگوڕی خۆشەویستی و ژیان و بینینەوە، بەڵام لە ناواخندا پێ لە ئاماژەی مەرگ، مەگەر بەرد لەم دەردا گیانەوەیك نییە بە نەبزاوتن و دابانی هەتاهەتایی و مردن؟

دابان بەچارەنووسی بەردم دەسپێرە
ە
هەر ئەم جیهانبینی و پێشبینە پاکێوانییەی شاعیرە لە هەموو شتەکدا مەرگەکی (کە) دەبینەتەوەو ئیزافەی دەکاتە سەر مەرگ و کەتایی تراژیدیەکانی خەی، ئەو لە سروشت و ژینگە ورد دەبەتەوەو ئامرازە شیعرییەکانی لەهێدەهەنجەت و پەکدەهەنەت، بە وەنە ئایا بە بارانیی بە غەزەبی ئاسمان دەزانەت یان بە ملهوڕیی مرۆڤی چاوچنەك و پێشکەوتنە تەکنەلەژییەکانی مرۆڤ کە بونەتە گیانی کێش و هەواو نەبارینی باران و هیچ حساب نەکردنەك بە پاراستنی ژینگەی گەی زەوی؟ لە هەردوو حاێەتەکە ساعیر ئەو راستییە دەزانەت کە ئەم نەهامەتییەکەو لە پێشمانە، وەك ئەوەی بێەت: منیش وەك باران بەزارم لە ستەمەکانی سەر خاك، لە کوشتارو کاولکاریی و ناقەلایەکانی مرۆڤ، منیش وەك ئاو سەرچاوەی ژیانم بەڵام کە ئاو نەما هەموو شتەك رەنگی مەرگی لە دەنێ و ئیتر هیچ حەزناکەم بژیم بە نووسینەوەی تراژیدیاو ناسەرییەکان و مەرگەکان،ئەم زیندوو کوژی مردوو پەرستین، ئەمەی شاعیری دەی بابگوگوە جاێ مەرگ دەدات و کەس رانەچێکەنەت، بەڵێ لە دوای ئەم هەموو قەیرانانە هێشتا زەری ترمان لە پێش، بەڵام هەرگیز لەوی وشکی منداێ تینووەکان لە بیر ناکەم کە لەم شیعرەدا جێیان نەکەمەوە.

دەێم چەن باران
ئەمسای تەران و

تووەیە لەخاك
فرمێسكێك بە دارێك ناژنێ
رووەمەتی منااڵك گرینك ناشواتەوە

بە هێواستی کۆمەگای نێودەوڵەتی مەترسیدارە..!.. لوقمان مستەفا

جەنگ و ململانێکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین ڕەگ و ڕیشەی دوورودرێژی هەیە و کۆلۆنیالیزمی سەدەیەک پێش ئێستا.
بەردەوام جەنگی نێوانیان لە ئێستادا لەکارتی غەزەدا چەبڵەوە، هەرچەندە ئەم جەنگانە ناوبەناو سەرهەڵدەدات، هەرجارەی بە شێوەیەک لە شێوەکان شێوە دەست پێدەکات، هەندێکیان ماوە کورت و هەندێکیشیان ماوە درێژ ،لە مێژووی ئەو جەنگانەدا ئیسرائیل چوار هێرشی سەربازی درێژخایەنی بە سەر غەزەدا دەستپێکردووە کە بریتین لە ساڵانی :- ٢٠٠٨، ٢٠١٢، ٢٠١٤ و ٢٠٢١، ٢٠٢٣ ی ئێستا.
هێرشەکەی ساڵی ٢٠٠٨ بریتی بوو لە بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، وەک گازی فسفەر، لە ساڵی ٢٠١٤ و لە ماوەی ٥٠ ڕۆژدا ئیسرائیل زیاتر لە ٢١٠٠ فەلەستینی کوشتووە کە هەزار و ٤٦٢ کەسیان هاووڵاتی مەدەنی و نزیکەی ٥٠٠ منداڵی تێدابووە.
لە میانەی ئەو هێرشەدا کە لایەن ئیسرائیلیەکانەوە ناوی ئەپڕاسیۆنی لەواری پارێزەر بوو، نزیکەی ١١ هەزار فەلەستینی بریندار بوون و ٢٠ هەزار ماڵ وێران بوون و نیو ملیۆن کەسیش ئاوارە بوون.
بەڵام هیچ جارێکیان بەقەد ئەمجارەیان ماوەڕانکێر نەبووە.!! ئەوەش بەهۆی هێرشی پشوختەو دەستپێشخەری بزوتنەوەی حەماس و ئەو دەستاتی کەلەوە حوکمرانە ،جەنگ هەڵگیرسا و لە هەردوولا بەتایبەت خەڵکی غەزەی سڤیل باجی ئەو هەڵانیاندا ،حماس و هاوپەیمانەکانی پشوختە دەیانزانی کە سوتەمەنی شەڕەکە خەڵکی بچەک و ژن و پیر و منااڵی بەتاوان دەبنە قوربانی.!
ئەوە بوو کە بینیمان هێرشی پێچوانە و وەامدانەوەی

چاوەروانکراوی ئیسرائیل بوو کە بەرەحمانە و بە شێوەی عشوائی تا هەنووکەش لە زەوی و ئاسمان و دەریاوە بەمب بارانی کەرتی غەزەدەکات ،دەست لە ژن و منالی پیرو پەککەوتە ناپارێز.!
قسابخانەیەکی بە خوێنی بە دیفاعی کەرتی غەزە دروسکردووە مگەر بەسەر خەیان هاتبە بەدەست نازیەکانەوە.
تاوانکان هێندە قەزەون و گورچک بڕن سنوری هەموو تاوانێ نەو دەوڵەتیەکانی بەیوە.!! خوێک و خاکەکەی بەیەکەوە تەخت دەکرێن و دەسوتێن، ئا ئەم تاوانە بە هەموو پلەیەرە جینسایدە.!
دیارە جینسایدە لە سادەترین پێناسەیدا کوشتنی بە کەمەدگەیەنەت. گەر تەنیا وشەی "جینساید" بە نموونە وەربگرین، ئەوە چەندین کاری بەویژدان و دڵقانە و دوور لە هەموو بەها بەرزە مرۆڤایەتیەکان لەخەدەگرێت.
بەهام ئەوەی جەگای سەرنج و تەئامانە بە دەنگی و بە هەڵوەستی کەمەگای نەودەوڵەتی و رەکخراوەکانی مافی مرۆڤی جهانیە لەمەر ئەم تاوانانە کە بەسەر ژن و منالی کەرتی غەزەدادە.!
هەر کەمەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بوو لە ساڵی ١٩٤٦ لە یەکەم دانیشتنی خەیدا بەیارنامەیەکی پەسەند کرد کە جینسایدە بەپێی یاسا نەودەوڵەتیەکان تاوانە و نموونەی ئەو جەرە ەووداوانەی ژماردەوە (بەهام پێناسەیەکی یاسایی تەواو بە تاوانەکە نەخستەوو). لە ساڵی ١٩٤٨، کەمەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ەەکەوتننامەی ەەگری و سزادانی تاوانی جینسایدە (CPPCG)ی پەسەند کرد کە بە یەکەمجار تاوانی جینسایدی پێناسە کرد. جینسایدە ەەتکردنەوەی مافی بوونی تەواوی گرووپە مرۆڤایەتیەکانە، وەک چۆن کوشتن ەەتکردنەوەی مافی ژیانی تاکەکانی مرۆڤە.
کەچی هەر ئەم رەکخراو کەمەیە ئەستا لەم گرژی و ئاەوزیاندا بە پەش چاویانەوە جینسایدە ئەنجام دەدرێت متەقیان لەوێنایات.!!
بەراستی ئەم بە هەڵوەستیەی نەتەوەیەکگرتوەکان و رەکخراوی بێناو مافی مرۆڤ زەر مەترسیدارە،چونکە ەەگەر خەشکەرە بە دوژمنەکانی ئەمەی کورد کە دەکرێت لەمە بەدواوە دەستکراوبن و بەترس ودووەی ئەم هەڵە بقەزنەوە و هەرشەکانیان دەست پێبکەن و چاوەروانی کوشت و برەکی ئاوەها لەم چەشنەبین لەلایەن دوژمنە چاچنەکەکانمانەوە.!
لانیکەم فەلەستین چەندین دەوڵەتی عەرەبی و ئیسلامی پشتیوانی مادی و لەجستی دەکرێن و ماکینە میدیایە زبەلاحەکانی جیهان نەهامەتیەکانیان دەگەیەنێتە هەموو دونیا، بەهام ئەمەی کورد نەک پشت و پەنامانیە بگرە هەموو جیهان لەدژمانن.! ئەوە حاڵ و گوزەرانی نەوخەی خەمان هەر باسمەکەن کەچی پاشگەردانیەکە لەسایەی بیری تەسکی حیزبایەتی.

هەرەمی کوردستان دەبوو لە سالی ١٩٩٢خاوەن دەستووری خۆی بێت.. د. نووری تاڵەبانی

پەسەند کردنی دەستورێکی تایبەت بە هەرەمی کوردستان بەندبوو بە سیستەمی دەستووری و شێوەی حوکمڕانی لە عێراق. دەستوورە لەمووبارەکانی عێراق، بە دەستووری ساڵی 1925 ەوە، کە یەکەم دەستووری عێراق بوو، وەزارەتی کۆلۆنیاڵی بەریتانیا ئامادەی کردبوو، پەرلەمانی عێراق لەو ساڵەدا پەسەندی کردبوو، هەروەها دەستوورە کاتییەکانی پاش ساڵی 1956 تا ڕاپەڕینی ساڵی 1991 وکۆچرەوە مەزنەکەی، کە (ناوچەی ئارام)ی لە پەیدابوو ژەمی عێراقی ناچارکرد دەزگاکان لە بەشکەی فراوانی باشووری کوردستان بکشێنیتەوە. ئەو بڕیارەی ژەم بە مەبەستی ئاژاوە نانەوەبوو لەو ناوچانە، بەڵە بەیاری سازدانی هەڵبژاردن درا لە لایەن (بەرەی کوردستانی) بۆ دیاری کردنی پەرلەمانێک، تاکو حکوومەت دیاری بکات بۆ بەڕێوەبردنی کاروبار لەو ناوچەیە. لە پێنجی مانگی تشرینی یەکەمی 1992، پەرلەمانی کوردستان سیستەمی فیدراڵی بە پاشکۆژی عێراق پەسەندکرد ، ئەوەش ڕێگای خۆشکردن بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی (دە فاکتۆ)، تێیدا دەزگاکانی دەسەاتی ناوخۆیی و پەیوەندی کردن بە دەرەوە و داکۆکی کردن لە سنووری ئەو بەشە ژگارکراوەی کوردستانی پراکتیزە دەکرد، واتە هەموو دەسەاتەکانی دەوڵەتی. دەبوو پاش ئەو هەنگاوە هەنگاوەکی قانوونی بدوادابێت، بۆ پەسەندکردنی دەستوورێک بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان دەزگاکانی هەرێم، تاکو هەرێکەیان ئەرک و دەسەاتی خۆیان بزانن وهاوەاتیانیش ئاگاداری ماف و ئەرکەکانیان بن.
کەمێک لە قانوونناسانی کوردستان داوایان کرد پێڵە بکرێت لە دانانی دەستوور بە هەرەمی کوردستان، هەتا ئەگەر دەستوورێکی کاتیش بێ، چونکە دەستوور سەرچاوەی هەموو قانوونەکانە، لەوەدا شکۆی حوکمڕانی و چۆنێتی دابەشکردنی دەسەاتەکان و ڕێکخستنیان دیاری دەکرێن. ئەم داواکارییە پشگیریەکی فراوانی لەدەکرا لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە.

لە ناوەڕاستی ساڵی 1992 پەرلەمانی دەستووریکم بۆ هەرێمی کوردستان ئامادە کرد، لە چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین چاپکراو دابەشکرا بەسەر ئەندامانی خولی یەکەمی پەرلەمان و میدیا و کەمێک لە قانوونناسانی کوردستان، تاکو ڕاو سەرنجی خەیان سەبارەت بە بنەما و ناوەڕۆکەکەی دەربڕن. پەشنیاز و سەرنجی بەشێک لە قانوونناسان پەڕۆکەی دەوەڵمەندتر کرد، پاشان پەڕۆکە پاش دەستکاریکردنی بەپێی ئەو بۆچوون و سەرنجانە، خرایە بەردەستی دەزگاکی قانوونی ڕەسمی، کە ئەندام بووم تێیدا بەناوی (دەستەی قانوونی باڵا)، تا لەی بکۆیتەوە و پەسەندی بکات. ئەو دەزگا قانوونیە پەڕۆکەی بە شێوەیکی ڕەسمی خستە بەردەست حکوومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان، بە ئومێدی تەماشاکردنی لە لایەن (لێژنەی قانوونی) لە پەرلەمان بۆ پەسندکردنی. باری سیاسی لەو سەردەمە لە عێراق و لە ناوچەکە زۆر ئاڵۆز بوو. هێزەکانی ڕژێم ئابلوقەی بەشێک لە شار و شارۆچکەکانی دابوو هەڕەشەی دەکرد ناوچەکە داگیر بکاتەوە. فڕۆکە سەربازییەکانی ئەمریکا و بەریتانیا، کە لە تورکیاوە ئاگاداری ناوچەکەیان دەکرد، لەگەڵ چەسپاندنی کیانێکی سیاسی بە کورد نەبوون. وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتانی ناوچەکە بە بەردەوامی کۆدبوونەوە بە هەوەی خنکاندنی ئەو کڕپە تاکو نەکەوێتە سەرپێ. پەڕۆکەی دەستوورەکە بە ماوەی پتر لەدە ساڵ لەی نەپچرایەوە، بەڵام لەو ماوە درێژدا کەسانێکی زۆر لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان داوای دانانی دەستووریان بە ئەو بەشە ڕزگار کراوەی کوردستان دەکرد.

لە مانگی تشرینی دووەمی 2002 پەرلەمانی کوردستان پەڕۆکەی دەستوورەکی پەسەند کرد، بەڵام وەک (پەڕۆکە) مایەوە، بەندەکانی لەسەر بنەمای پەڕۆکەی ساڵی 1991 داڕێژرابوون، بەڵام کەم و کورتی تێدابوو.

لە نیسانی ساڵی 2003 ڕژێمی بەعس ڕووخا، ساڵێک باشتر قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بە ماوەی گواستنەوە پەسەندکرا، کە وەکو دەستوورێکی کاتی تەماشا دەکرا. ئەو پەڕۆکە دەستوورەی لە مانگی تشرینی دووەمی 2002 پەسەندکرابوو، جگە لەوەی کەم وکورتی تێدابوو، نەدەگونجا لەگەڵ باری تازەی عێراق و کوردستان، بۆیە پێشنیازی چاوگۆڕانەوەم بۆ پەڕۆیە کرد. لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی 2003 لەگەڵ لێژنەی قانوونی لە پەرلەمانی کوردستان کۆتینە چاوگۆڕانەوە بۆ پەڕۆیە، لەپاش چەند کۆبوونەوەیەک، لە 22ی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ (پەڕۆیەکی چاککراو) ئامادەکرا، بەدوا شێوەی خرایە بەردەستی سەرکایەتیی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، بەڵام هیچ کارێکی لەسەر نەکرا لەلایەن پەرلەمانەوە.

قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بە ماوەی گواستنەوە، لە ماددەی 53دا سیستەمی فیدراڵی بە عێراق قبوڵ کردبوو و دانی نا بە هەرێمی کوردستان نابوو لە چوارچێوەی ئەو سنوورە ئیداریەی لە 19ی ئاداری 2003 لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێم بوو. لە بەندی 54ی هەمان ئەو قانوونەدا دانرابوو بە دەزگاکانی هەرێم، بەتایبەتی حکومەت و پەرلەمان و دەزگاکانی دادوەریی، بڵێ پەرلەمانی کوردستان دەیتوانی بڕیاردەوام بێت لەسەر جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی سەرشانی، کە قانووندانان و دەستکاریکردنی قانوونەکان بوو تا ئەو دەمەی دەستوورێکی هەمیشەیی بە عێراق پەسەند دەکرێت. پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لەو ماوەدا چەند قانوونێکی پەسەندکردو جێبەجێ کران لە لایەن دەزگاکانی هەرێمەوە. قانوونی کاتی بەڕێوەبردن چەند مەرجێکی دانابوو دەبوو ڕەچاو بکرێن لەلایەن پەرلەمانی هەرێم لەکاتی دانانی قانوونی تازە. ئەو مەرجانە لە بەندی 25 و پەڕەگرافی (د) بەندی (43)ی هەمان ئەو قانوونە ئاماژەیان بە کرابوو. کەواتە پەرلەمانی هەرێم دەیتوانی هەموو جارە قانوونێک پەسەند بکات، بەمەرجێک پێچەوانەی ئەو دوو مەرجە نەبن. ئەو دوو بەندە تایبەت بوون بە سیاسەتی دەرەوە و داکۆکی کردن لە عێراق و دامەزراندنی هێزی چەکداری. لەو دوو بەندەدا دەسەڵاتی دی بە حکومەتی ناوەند درابوو پێوەندییان بە داشتنی سیاسەتی دارایی گشتی و دەرهەنانی دراو و ڕێکخستنی گومرگ و بازرگانی لەگەڵ دەرەوەو دانانی بودجەی گشتی بە عێراق، لەگەڵ ئەو کارانەی پێوەندییان بە بانکی ناوەندییەوە هەبوو، هەروەها کاروباری ڕێکخستنی (مەقاییس و ئەوزان). لەبارەی سامانە سرووشتیەکانەوە، سامانی هەرێم و ناوچەکانی دیکەی عێراق، دەرهەنانیان دەبوو بە هاوکاری وسەرپەرشتی دەزگاکانی حکومەتی ناوەند بێت. کاروباری پێوەندیدار بە دەوڵەتنامە (جنسیە) وبگانە وپەناهەندە، لە دەسەڵاتکانی حکومەتی ناوەند بوون. لەو پێناوەدا دەستووری بە هەرێمی کوردستان ئامادەکرابوو هەموو ئەو دەسەڵاتانە بە حکومەتی ناوەند درابوون، بەڵام دەسەڵاتکی زۆر بە دەزگاکانی هەرێمی کوردستان درابوون، بڵێ دەبوو ڕێکبخرێن و شێوەی بکارهەنانیان دیاری بکرێت لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا. لە ڕاستیدا پەسەندکردنی دەستوور بە هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە دەسەڵاتی خۆیدابوو، چونکە ئەو پەرلەمانە هەتا بڕیاری قانوونی کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق، ئەو مافەی بەو پەرلەمانە دابوو، چونکە دیتوانی قانوون پەسەند بکات تا ئەو ڕێژەی دەستووری هەمیشەیی بە عێراق پەسەند دەکرێت، بەمەرجێک ئەو قانوونە بە پێچەوانەی بەندی 25 و پەڕەگرافی (د)ی 43 نەبێ.

دەستنیشانکردنی مافەکانی گەلی کوردستان لەو پرۆژەدا دەبووە چەسپاندنیان و پشگیریی بە گروپی کوردستانی لەناو (ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق)، کە دەیتوانی جڕخت بکات لەسەر داواکارییەکانی گەلی کوردستان لە دەستووری هەرێم دەستنیشان کرابوون.
بەچوونەکی تر هەبوو پێی باش بوو پەسەندکردنی دەستوور بە هەرەمی کوردستان دوابخرێت بە پاش پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق. ئەم بەچوونە هەیەکەی سیاسیی بوو نەک قانوونی، چونکە سەرچاوەکەی باری سیاسیی بوو لە عێراق و ناوچەکە، وایان دەزانی پەسەندکردنی دەستوور بە هەرێم لەو کاتەدا بە کارەکی جوداخوازیی دەدرایە قەڵەم! بە بەچوونی ئەو کەسانەی بەوجۆرە بیریان دەکردەوە چاکتربوو چاوەڕێی دەستووری عێراق بکرێت تا بزانین لەوەدا چی دەدرێ و چی قبووڵ ناکرێت، هەموو سەنگی کورد دەخرایە ناو یەک سەبەتەوە، کە (ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق) بوو، ئەگەر لەوەدا کارەکان یەکلایی نەکرابانەوە لە بەرژەوەندیی گەلەکەمان، لەو شێوە دەستووریە بە دڵاوی دەچووینە دەرەوە. لە راستیدا چاکتربوو کورد لە چەند بەرێیەکدا ئەو شێوە بکات، لە (پەرلەمانی کوردستان) وەکو نوێنەری شەرعی خەڵکی کوردستان، مافەکانی گەلەکەمان لە دەستووری هەرێم بچەسپێنن و داوابکریت ئەو مافانە لە دەستووری عێراق دەستنیشان بکرێن. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێت سەنگی خولی دووەمی پەرلەمانی هەرەمی کوردستان قورستربوو لە خولی یەکەمی، وەکو دەزگایەکی شەرعیی تەماشا دەکرا، چونکە لە ئاکامی هەڵبژاردنەکی شەرعییەوە دیاری کرابوو وبەپێی قانوونەکی عێراقی و لەژێر چاودێریکردنی دەزگای عێراقی ونەودەوڵەتیدا هەڵبژردرابوو، حکوومەتی عێراق و دەوڵەتان و دەزگاکانی نەودەوڵەتی نەیاندەتوانی گوێ شل نەکەن بە داخوازییەکانی.
دەستووری هەرێم داواکارییەکانی گەلی کوردستانی تەدا دیاری کرابوون، دەبووە شیرەکی تیژ بە دەست گروپی کوردستانی لەناو (ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراقی)، چونکە لە بڕگەی (ج)ی بەندی 61ی قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بە ماوەی گواستنەوە، ماف بە دانیشتوانی دوو لەسەر سێ لەسەر پارێزگاکانی عێراق درابوو، ئەگەر پێژەی دەستووری عێراق ڕەت بکرێتەوە، پەرلەمانی کوردستان، کە نوێنەری سێ پارێزگا بوو، دەیتوانی ئەو پێژەی دەستوورە بە عێراق ئامادە دەکرێت و مافەکانی گەلی کوردستانی تەدانەبن، ڕەت بکاتەوە. گروپی کوردستانی لەناو (ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراقی) هەموو دەمەک دەیتوانی ئەم چەکە بخاتە بەرچاو ئەو لایەنانەی قایل نەدەبوون بە مافەکانی گەلی کوردستان. کورد دەبوو "شێوەی" دەستووری لەسەر هەموو بەرەکاندا بکات، لەناو (پەرلەمانی عێراق)، لەناو (پەرلەمانی

هەرەم) وبەهاوکاریی بزوتنەوەی ڕەکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستان و دەستانی کورد لە دەرەوە، کە هەموویان دەیانتوانی فاکتەری چاک بن لەم "شتە" دەستووریە بوایەدا، تا هەموو مافەکانی گەلەکەمان، بەمافی دیاری کردنی چارەنووسەوە، لە دەستووری هەرەم و دەستووری عەراقدا بچەسپێن.

کاتێک هەزی سەهەم بەدژی ئینسانکوشتن دەتە مەیدانەوە!..
نوری بەشیر

بەجیا لە لایەنگرانی دوو هەزی ئینسانکوژو کاولکەر و کۆنەپەرستی حکومەتی ئیسرائیل و حەماس، هەزەکی دیکە لەمەیدانداید، ئەویش هەزی سەهەم، هەزی سەدان ملیۆنی ئینسانی ئازادیخوازە لەسەراسەری جیهاندا. ئەم هەزە نە لایەنگری کەمەکوژیەکان و کاولکاریەکانی حکومەتی تیرەیستی ئیسرائیلە بەبە دەست پاراستن لە ژن و منداڵ و پیرو قوتابخانەو نەخۆشخانە و دانانی گەمارۆی ئاوو کارەبا و خواردن دژ بە خەڵکی غەززە، نە لایەنگری کاری کوشتن و ڕفاندن و تەقاندنەوەی حەماس بەدژی خەڵکی مەدەنی ئیسرائیل.

بەڵام راستیەکان تەنیا ئەوەنیە کە میدیای دەستەڵاستی بەرژوازی دەرباری ئەوی کە لەغەزەو ئیسرائیلدا ڕووەدات و بەاویدکۆنەو و سەرانی حکومەتکانی بەرژوازی ڕۆژاوا پاکانەی تاوانکانی ئیسرائیل دەکەن بەبیانوی بەرپەرچدانەوەی تیرۆرەو. خەڵکی هوشیارو بەئاگای جیهان ماهیەتی دژی ئینسانی و کۆنەپەرستانەی حکومەتە بەرژواییەکانی ڕۆژاو سەرکەکانیان بە ئادیەک بە دەرکەوتووە کە مەگەر تەنها لایەنگرانیان باوەیان پێ بکەن و چەپڵەیان بۆ لێبدەن. ئەگەر تەنیا ڕاستیەکانیش هەر لە سەشیال میدیاوە کە مەحدودەو ڕبگرین؛ ئاستی ئەو کوشتارو کاولکاریەی حکومەتی ئیسرائیل بەرامبەر خەڵکی مەدەنی غەززە بەڕێخستووە، دەردەکەوێت. ئەو تاوانەی ئیسرائیل لە نەخۆشخانەی مەعمدانی ئەنجامیدا، ئادەی دەندەیی ئەو دەوڵەتەو ریسوایی سەرانی بەرژوازی ڕۆژئاوایی نمایش

کرد.

بەگشتی هەر لە سەرەتای رۆژی ٧ی ئۆکتۆبەرو هێرش و کوشتن و رفاندنەکانی حەماس و دواتر کۆمەکوژیەکانی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە لەناو تێووتژو هاتوهاواری حکومەتانی بژوازی و میدیا چەواشەکاریەکانیانەوە، هێزێکی تر، ریزێکی تر نای بە ئینسانکوشتن وت، نای بە کوشتنی خەڵکی مەدەنی ئیسرائیل و نای بە کۆمەکوژی خەڵکی فەلەستین و غەززە وت، بەدژی کوشتارو کاولکاری وەستایەوە. بەگشتی لەرولەوە و بەشێوەی بچوک و بەبێ میدیا، بەگشتی دوو هەفتەی رابردوو ئێم هێزە وەک کۆک کە لە بیاباندا بەرزبێتەوە، هاتە مەیدانەوەو دژکەوت، بەتایبەت ئێم هەفتەیەی دوایی لە ٢١ی ئۆکتۆبەردا ریزی چەند ملیۆنی خەی لەسەراسەری دنیا نمایش کرد.

ئێم هێزە وەک هێزی سێهەم بەدژی کوشتار و بەدژی شێوە تیرۆریزمی دەوڵەتی و غەیرە دەوڵەتی وەستایەوە، نایەکی گەورەی لەدژی ناتانیاهۆو حکومەتەکەی وت، ئێم نایە لەناو ئیسرائیلەوە تا دەگاتە ئەمریکاو ئەوروپاو سەرجەم دنیا. ئێم هێزە وەک بەرەی سێهەم و رادیکال و ئینساندۆست و ئازادیخوازو کۆمۆنیست و کرێکاری هاتنە سەر شەقامەکانی وەاتەکانیان و بەردەم شوێنە سەرەکیەکان لە وەاتەکاندا. ئێم هێزە خەی نیشاندا لە: ئەمریکا لە واشنتۆن و نیۆرک، کەنەدا، بەریتانیا لەلەندەن و چەندین شاری دیکە، لە فەرەنسا، ئوسترالیا، لە یابان، ئیسپانیا، لە نیوزیلاند، لە ناوخۆی ئیسرائیلدا، لە ئەڵمانیا لە دوسێدورف، بەهێزو بە دروشم و بانگەوازی گەورەی وەستانی دەستبەجێی کوشتارو کاولکاری سەر غەززە، بە بەرزکردنەوەی سەدان هەزار پلاکارتەوەو هەروەها لە ئەمریکا چوونە ناو بینای کۆنگرێس.

خۆپیشاندەرکان و رژانە سەرشەقامەکانی ئێم هێزە وەک نمایشێکی هێزێکی رادیکال، ئینسانی و دوور لەهیچ فەزایەکی قەومی و ئایینی و رەگەزپەرستی بوو. ئەگەر بە کەسێک لەنزیکەوە بەشداری کردبێت، وەک ئێمە لەبەریتانیا، بەجیا لە دروشم و وتنەوەی دروشمەکان بەدەنگی بەرز لە زەربەی وەاتەکان، یەک ناوەرێکی هەبوو. ئەوەی جێگای خۆشحالی و سەرنج بوو ریزێکی فراوان لە ئینسانەکان وەک ئەوەی لەسەراسەری جیهان دەعوەت کرابن بۆ کۆنگرێیەکی بەرگری لە ئینسان و پێکەوە یەک بیرو یەک رەگای دژی شێوە کوشتارو کاولکاریان هەبێت، بەجیا لەرەنگی پێست و نەتەوە و نژادو دینیان، لە رێزێکی فراواندا دژی جەنگ و کاولکاری و تاوانەکانی ئیسرائیل لە غەزە وەستانەوە.

ئەوەی جێگای سەرنج بوو، لە خێپیشاندانی لەندەندا، کە ژمارەیەکی زۆر گەورەو بەرچاو بەشدارییان کرد، مەرکەکی مرۆڤدۆستانەو چێپی پەوبوو... رەکخراوە کرێکارییەکان و سۆشیالیست و چێپەکان بەشداری بەرچاویان هەبوو. بگرە ژمارەیەکی بەرچاو خەڵکی جولەکە بەشداری خێپیشاندانەکە بوون! ئەو دروشمانەی دەوترانەوە بریتی بوو لە: وەستانی کوشتاری خەڵکی غەززە، نا بە داگیرکاری فەلەستین، حکومەتی ئیسرائیل حکومەتێکی تیرۆریستە، ئازادی بۆ فەلەستین، شەرم بێ بایدن، شەرم بێ ماکرۆن و ریشی سوناک کە لایەنگری ناتانیاهۆو حکومەتی ئیسرائیل دەکەن.

ئەم هەڵوێستانە بەڵێ گرنگە چونکە لەسەروو هەموو ئایدەلۆژیەکی قەومی و دینیەوەیە. ئەم هەڵوێستانە لە ئەمریکاو بەریتانیاو ئیسپانیاو بەڵژیکا پەیامی خۆیان دا، بەڵکو لە ناو ئیسرائیلدا بەهەزاران کەسی ئینسانەدۆست و ئازادیخوازو چەپی خەڵکی ئیسرائیلی، چۆن لەسەراسەری دنیادا نایان بێ کوشتاری ئینسان وت، لەوێش یەخێی ناتانیاهۆو حکومەتەکەیان گرت و رژانە سەرشەقامەکان و نایان بێ کوشتارو کاولکاری ئیسرائیل لە غەززە وت و داوای دەستبەجێ وەستانی کوشتارو کاولکاریان کرد لە غەززە.

هەربۆیە زۆرەی کە ئەم ریزە ملیانە ئازادیخواز و مرۆڤدۆستیەی هەر وەڵامێ بەهێز بکەین، لەدەوری خواست و داواکاریە ئینسانیەکانیان کۆبینەوە بۆئەوەی وەک هێزێکی فشاری گەورە بێ وەستانی هێرشەکانی حکومەتی ئیسرائیل بەسەر غەززە راوەستین، هەر ئەم هێزو بەرەی سەهەمەش دەتوانێت دوای فشاریان لەوەستانی کوشتارو کاولکاری غەززەو بە ئەوەی دووبارە نەبێتەوە، بتوانێت بارێکی تر بێتەوە مەیدانێ بێ چارەسەری یەکجاری کێشەی فەلەستین، ئەویش بێ دروستبوونی دەوڵەتی فەلەستین لەپاڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا، ئەمێ تەنیا پەیام و ڕێگاچارەی دروست و ئینسانیە بێ کێشەکە و بەرژەوەندی هەردوو گەلان بێ کەمکۆزی و کاولکاری لە ئیسرائیل و فەلەستین.

٢٤/١٠/٢٠٢٣

کەناری دەریا.. شیعر : مریم حیدر زادە.. وەرگێرانی: پشکۆ ناکام

" لب دریا "
شیعر : مریم حیدر زادە
وەرگێرانی : پشکۆ ناکام
"""""""""",

سەردەمی ئەم
سەردەمی خەڵتانن
سەردەمی ناوی سەیر
سەردەمی ووشک بوونی گوڵدان
چەتری ڕەشی باران
شارەکەمان سەری ناپەژە
وەعدەکانی هەمووی دڕێ
ئاسمانەکەی دوکەڵاویە
دڵی عاشقەکانی
شینی ئاسمانییە
خەزگە لەگەڵ گوڵاڵەیەکی ووشک بوو
لە بەڵەمەکا دائەنیشتین
دەمان ئەیا بە دەریا
من و تۆ، تەنها و تەنها

ماڵمان پر لە بەربەستە
پشتی هەر پەنجەرەیەک پردە
قەفەسکان پێ لە باڵندە
لەوی بە خەندە
.....
میهرەبان بوون مەحاڵە
نەمەیلی عەشقت هەیە
نە بیرکردنەوەت لەکەس هەیە

خەزگە لەگەڵ گوڵاڵەیەکی ووشک بوو
لە بەڵەمەکا دائەنیشتین

دەمان ئێیا بێ دەریا
من و تۆ، تەنها و تەنها

ئێوەنێ بەین کێ کێناری دەریا
لێ من و تێ نێی بێ ئاگا
بەلەمەکێ لێگێ خەمان بەرین
تا ئێبەد لێوێ بین
شوێنێک کێ نێ ئاسمانی
نێ دەنگی مردووێکانی
نێ غەمی
نێ جوێانەوێکێی
نێ گوێی گوێ فرێشکانی
وێک ئێرێ " ئاسن " نیێ
وێک ئێرێ "ئاسن " نیێ

دوایی ووریا بێ لێ یادت بێ
کێس بەمێ نەزانێ
گێر زیندوو بووین
جێ ژوانی سبێیمان
کێناری دەریا

گێر زیندوو بووین
جێ ژوانی سبێیمان
کێناری دەریا

ژیان بە گەرمی و ساردی دەمرێت.. فەرهاد کەریم

بوومەتە دوو لەت، لەتێکم شەێ ژیان دەکا و لەتێکم شەێ مردن
شەەکان نەرمن بێ مردن و ژیان بە نەرمی ژیان و مردن دەشێن
ژیان شێانی دەوێ، مردن گێ، بمریت باشترە مردن
گەرمبووە ژیان بە مردن، بە مردن ساردبووە ژیان، بژیت باشترە ژیان
سارد ساردبووە بێ کێتر وێ ماسی و مامز

بۆ شادی و شەڕ مار و مرۆڤ زۆناو ژەهر
ترسێك لە پێكەنینی مرۆڤ دەبینم، دەترسم بە پێكەنینەوە ژیان قووتدات
ترسێک لە خەوی مار دەبینم فڕین بچێتە خەونی قەپاڵ لە ئاسماندات
هاوڕێ ژەهر ماسی و باڵندە راوکا بە تەنیا بڕوا بۆ گۆڕ ژیان بخوا
لەتە گۆڕ و قومڕ تەنیایی و هەناسەی ژان و مردن جێبهێڵێ
بژی بۆ شەڕی ژیان وەک تاژیی ماندوو و ماسی بریندار
وەک باڵندەی قەفەز نە زەویی هەیەو نە ئاسمان
وەک درەختێکی ڕەنگ زەرد دوور لە ئاو
مرۆڤ لە مردن دەترسێ و ژیان ڕاو
گیرۆدە بووە بە خەمی مردن،
جوانی دەنۆژێ بۆ خەون
پڕبووە لە بریتی شەرم
لە چاوەڕوانی مردم بۆ ژەمڕ ژیان، بەیانیش نێت خۆشمدەوێ
چەند جوانە مرۆڤی تەنیا بە ژانەوە بۆ ژیان دەڕوێ
لە دوڕنێ زیاتر خۆشمدەوێی بەو هەموو ژانەوە ژیان
لە قەفەزی مردن وەڕە دەڕێ زەوی گەرم بووە بە مردن
بە مردن زەوی مردووە بگەڕێوە پێش مردن، ژیان شڕانی دەوێ
سارد سارد بووە بە مردن، بمریت باشترە مردن، بژیت باشترە ژیان
ژیان بە گەرمی و ساردی دەمرێت، بە مردن دەمرێ، خێت بشۆ بۆنی مردنت لێدێ
مرۆڤ خۆی بشوا دەریا و زەوی و ئاسمان پاک
غەریبی ژیان دەکەم مرۆڤ لێگەڕێ دەبم بە کێتر و مامز و ماسی
بیری سەگەکەم دەکەم مرۆڤ کوشتت
ژەهرە شادیت، شەڕت گۆڕێ، گۆڕستانیت مرۆڤ
لە ئازاری مردن بگە وەک سێبەرت نەرم،
سەیری سێبەرتکە تینوو نیە بە خوێن، برسی نیە بە مەرگ
ناژیت بۆ ژیان، کێگەی چەقێیت و مردن دەگریت
بیری ژیان و سەگەکەم دەکەم
مرۆڤ خێت بشۆ بۆنی گۆڕو جەنگ و گووت لێدێت.....

پیرەمــرد و دەریــای خــوێن..
شیعری نەوزاد بەندی

پیرەمەردی ئاخر شـــــــــــــەو
سووتاندی ووشکایی و تەو
دەزەخی تاهەتایـــــــــــــــی
زامن کرد ، ڕۆژی مەحشەر

پیرەمەردی منارـــــــــــــکوژ
ژنکوژ ..پیرکوژ و خوێنمژ
لە دادگای ئیلاهـــــــــــــیدا
دار و بەردت دەـــــــــــنە دژ

پیرەمەردی خـــــەفاو
خوێنی لا بووە بەئاو
ئاوی لە خەڵک بەیــوە ،
هەیە فرمێسک و خوێناو

عەراقت خستە سەر پلـــــت
ئەیدزە هەرچی بوـــــــــت
پارەی نەوت دەست بەسەرە
لای پیرەی شەڕانیی شـــــت

دەسەڵات بە ئەستەی ووردی
پێی ئەووت : دەستی کوردی
تەحەو لێم دەستی کـــــــوردە!
ئەویشی نەئەبرا ، بـــــــــردی

زوبانکانی لای خەمـــــــــــان
پێیان ئەووت دەستی کوردان!
زوبانا لە پێا گـــــــــــــــــیرا
نەوت و نانیشـــــــــــــی دەڵان

Nawzad Bandy